# ئیندیپێندت: كورد دەتوانێ بەئاسانی كەركوك بپارێزێ

**ئامادەكردن و وەرگێڕانی : باهۆز كەركوكی**



**پاتریاك كۆكبورن**

پاتریاك كۆكبورن، نوێنەری ڕۆژنامەی ئیندیپێندتی بەریتانیا ، لەكەركوكەوە بەرای گشتی جیهانی ڕاگەیاند كەكەركوك دڵی كوردستانە، كورد بەهێزی خۆیەوە دەتوانێ ئەو شارە لەهەر هێرش و پەلامار و بەڵایكی دیتران بپارێزێ.
پاتریاك كۆكبورن سەرنجی ڕاكێشاوەتە سەر كارە تیرۆریستیەكان كەلەشاری كەركوك ئەنجام دەدرێن، ئەو دەنووسێ: لەماوەی كەمتر لە٣٥ خولەكدا حەوت تەقینەوە شاری كەركوكیان هەژاندەوە، دەیان كەس كوژران و دەیانی دیكەش بریندار بوون، ئەمەش بۆ ترساندنی كەركوكیەكانە. ئەو پێیوایە كەتیرۆریستان مەبەستیانە ریفراندۆم لەكاتی دیاریكراوی خۆی بەڕێوەنەچێ، چونكە بڕیار وایە لەكۆتایی ئەم ساڵەدا یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار كەركوكی بەشداری لەو ریفراندۆمەدا بكەن كەبۆ یەكلایی كردنەوەی چارەنووسی پارێزگاك ەبەڕێوەدەچێ كەگریمانی زۆرینە ئەوەیە كەكورد قازانج دەكات و دەیباتەوەو كەركوك بۆ سەر هەرێمی كوردستان دەگەڕێتەوە.
پاتریاك لەدرێژەی ڕاپۆرتەكەیدا دەڵێ : وێڕای ئەوەی ڕژێمی سەدام پاكتاوی نەژادی لەكەركوك و كوردستان بەڕێوەبرد، هەزاران خێزانی كوردی لەو شارە دەركرد، بەڵام سەرژمێرەكان دووپاتی ئەوە دەكەنەوە كەزۆرینەی دانیشتووانی كەركوك كوردن. بەتایبەتی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە دەروازەیەك بۆ گەڕانەوەی ئەو كوردانە كرایەوە كەدەركرابوون تا بگەڕێنەوە شارەكەیان، ئیدی كەس ناتوانێ ئەوان لەسەر خاكی خۆیان هەڵبكەنێتەوە.
پاتریاك كۆكبورن لەئاكامی ئەو چاودێریەی كەبۆ خۆی لەرەوشی كەركوكی كردووە، چەند ڕاستیەكی بۆ جیهانیان ڕاگەیاندووە " لەسەردەمی عوسمانلیەوە تا ئەمڕۆ دانیشتووانی هەرە دێرینی كەركوك كورد بوونە"
ساڵی ١٩٢١ بەریتانیا بەم شێوەیە لەسەرژمێری كەركوكدا ٦١% كورد ،٢٨% توركمان ، ٨% عەرەب ڕاگەیاندووە.
ساڵی ١٩٥٧ بەگوێرەی سەرژمێری گشتی لەكەركوك ٤٨% كورد ، ٢٨% عەرەب، ٢١،٤ توركمان بوونە.
لەساڵی ١٩٨٨ لانی كەم دوو سەد هەزار كورد لەكەركوك دەركران، گوندو ئاواییەكانی ئەوان سووتێندران، بەڵام لەڕاپەڕینی ١٩٩١دا كورد توانی ئەو شارە ڕزگار بكات و لەشكری ڕژێمی بەعس ڕاو بنێ .
ساڵی ١٩٩١ ڕژێمی سەدام گوشارەكانی سەر پارێزگای كەركوكی توندتر كردەوە، كوردەكانی ناچار كرد یان ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بگۆڕن و خۆیان بەعەرەب تۆمار بكەن یان شارەكە چۆل بكەن، بەو هۆیەوە دەیان هەزار كورد ناچار بوون شارەكە جێبهێڵن، دەیان هەزاری دیكەش لەژێر ناوی ڕاستكردنەوەی نەتەوەیی ناچاربوون كەخۆیان بەعەرەب ناونووس بكەن.
لەنێوان ساڵانی ١٩٩١ تا ٢٠٠٢ زیاتر لەدوو سەد هەزار كورد لەكەركوك هەڵكەندراون و ڕەوانەی شارەكانی دیكەی هەرێمی كوردستان كران.
هەرچەندە هیچ سەرژمێرێكی تەواو لەبەر دەست دانیە، بەڵام توركمانە توندڕۆكان و عەرەبەكان جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وەتا ئێستا ٣٥٠ هەزار كورد گەڕاونەتەوە شاری كەركوك، ئەوان ئەمە بەپرۆسەی بەكوردكردنی شاركە دادەنێن و پێیانوایە كەزۆرینەی ئەوانەی كەگەڕاونەتەوە لەبنەڕەتدا خەڵكی كەركوك نین، بەڵام كوردەكان ئەمەرەت دەكەنەوە، بەدڵنیاییەوە دەڵێن كەئەوانەی گەڕاونەتەوە هەموویان لەبنچینەدا دانیشتووی پارێزگای كەركوكن و ڕژێم شار بەدەری كردوون.
لەلایەكی دیكەوە هێشتا دەیان هەزار كەركوكی لەئۆردووگەكانی دەوروبەری هەولێر و سلێمانی دا دەژین و دەرفەتی گەڕانەوەیان بۆ كەركوك بۆ نەڕەخساوە، هەڵبەت ئەوانە هەموویان بەڵگەو دیكۆمێنتی كەركوكی بوونیان هەیەو ئارەزوویانە لەداهاتوویێكی نزیكدا بۆ سەر زێدی باب و باپیرانی خۆیان بگەڕێنەوە.

# گۆژمە پارەی سعودیە بۆ گروپە سوننیەكان هەڵدەڕێژرێ

**وەرگێڕانی : ڕۆژی گەل**



شارەزایان و پسپۆڕانی دەزگەی هەواڵگری ئەمریكا دووپات لەسەر ئەوە دەكەنەوە كەعەرەبستانی سعودی و سەرمایەدارانی ئەو وڵاتە كێبەركێ دەكەن تا زۆرترین پارە بەگروپە توندڕۆكانی سوننە لەعێراق و لوبنان بدەن.
بەرپرسانی دەزگەی هەواڵگری پشت بەزانیاریەكان دەبەستن و ڕادەگەیەنن كەبەمەبەستی دروستكردنی هێزێكی گەورە لەبەرانبەر حزبولڵای لوبنان مانگی كانوونی یەكەمی ٢٠٠٦ سعودیەو سەرمایەدارانی وڵاتانی كەنداو بەلێشاو پارەو پوولیان بۆ گروپە سوننیەكانی لوبنان ڕەوانە كردووە، ئەوان بەو هیوایە هاوكاری گروپە سوننیەكان دەكەن تا هاوسەنگی هێز ڕابگیرێ و نەهێڵن هێزی شیعەكان باڵادەست تر بێ!
بەرپرسەكان ئاماژە بە سەرچاوەی زانیاریەكان نادەن، بەڵام پێیانوایە كەمانگی دوازدەی ساڵی ٢٠٠٦ بەملیار دۆلار بەشێوەی كۆمەك بۆ گروپە سوننیەكان ڕەوانە كراوە.
ئەسعەد ئەبو خەلیل، شارەزا لەبواری لوبنان لەزانستگەی كالیفۆرنیا پێیوایە كەلوبنان لەلێواری شەڕێكی نێوەخۆ دایە، بەو هۆیەشەوە عەرەبستانی سعودی و سەرمایەدارانی عەرەب هەوڵدەدەن كەسوننەكان لەو شەڕەدا سەربكەون و بینەوە، بەڕێوەبردنی ئەو شەڕەش پێویستی بەدارایی زۆر هەیە، بۆیە دەبێ كۆمەك و هاوكاری بكرێن .
شارەزایان جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە گۆژمە پارەیەكی یەكجار زۆر بەگروپە توندڕۆكانی باكوری لوبنان و دۆڵی بیقاع و چادرگەكانی فەلەستینیەكان دراوە. ئەوان پێیانوایە كەزۆرترینی ئەو گۆژمەیە بەكۆمەڵەی ئەنسار ( عصبة الانصار) و فەتحی ئیسلام دراوە كەلەڕوانگەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا ئەو دووانە گرێدراوی ڕێكخراوی ئەلقاعیدەن و ئەمریكاش بەدوژمنی سەرسەختی خۆیانی دەزانێ، بۆیە كۆمەك و هاوكاری كردنی ئەو گروپانە ڕاستەوخۆ بەزیانی ئەمریكاو هاوپەیمانی تەواو دەبێ .
شارەزایان پێیانوایە كە وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەتی عەرەبستانی سعودی لەهەوڵی شێلگیرانەدایە تا ڕۆڵی كۆماری ئیسلامی ئێران لەلوبنان و ناوچەكە كەم بكاتەوە، بۆیە لەلوبنان بەئاشكرا ڕایەڵەی پتەو لەگەڵ بنەماڵەی حەریری دروست دەكەن و لەعێراقیش پشتیوانی لەگروپە سوننە توندڕۆكان دەكەن، لەژێرەوەش كۆمەك و هاوكاری سەرجەم گروپە سوننە توندڕۆكان دەكەن و پێیانوایە بەو شێوازە دەتوانرێ ڕۆڵی ئێرانیەكان كەم بكرێتەوە، لوبنان و عێراق بۆ بازنەی عەرەبچێتی بگێڕدرێتەوە!! لەو بۆچوونەدا هەریەكە لەئەمریكاو سعودیە هاوڕان كەدەبێ بەربەست لەبەردەم هەژموونی ئێران لەناوچەكەدا بگیرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەلوەتەن

# سەربازە ئەمریكیەكان بەنیگەرانیەوە لەداهاتوو دەڕوانن

**وەرگێڕانی : كامەران مەجی**



تۆڕی ئینتەرنێتی ئەفتەر داونینگ ستریت بەشێك لەو دیدارانەی بڵاوكردۆتەوە كەبریان بیرسۆن، پەیامنێری پێگەكە لەگەڵ ژمارەیەك سەربازی ئەمریكی جێگیر لەعێراق ئەنجامی دابوو، لەرێگەی ئەو دیدارانەوە نیگەرانی و دڵەڕاوكێی سەربازەكانی ئەمریكا لەداهاتووی خۆیان وەدیار دەكەوێ، ئەوان زۆر بەتاسەوە بیر لەگەڕانەوە دەكەنەوەو حەز دەكەن هەرچی زووترە بەكەسوكاریان شاد ببنەوە. سەربازەكان لەوەش نیگەرانن كەماوەی خزمەتەكەیان درێژتر بكرێتەوەو لەكاتی دیاریكراوی خۆیاندا ڕێگەیان پێنەدرێ بۆ وڵاتەكەیان بگەڕێنەوە.
سەربازەكان لەپلانی نوێی سەرۆك بووش نیگەرانن، ئەوان پێیوانوایە مادام سەرۆكەكەیان دەیەوێ سەربازی زۆرتر ڕەوانەی عێراق بكات و ئامادەش نیەهێزەكانی خۆی لەماوەیەكی كورتدا لەعێراق بكێشێتەوە، مانای ئەوەیە كەرێگە بەسەربازەكانی جێگیر لەعێراق نادرێ لەكاتی دیاریكراوی خۆیان بگەڕێنەوە.
شۆفێری یەكی لەئۆتۆمۆبیلی هێمفی سەربازی لەبەغداد بەبریان بیرسۆنی ڕاگەیاندووە كەئەو خەون بەگەڕانەوە دەبینێ لەوە دەترسێ نەوەك لەهیكەوە دووچاری مەرگ بێتەوەو بەخۆشەویستانی شاد نەبێتەوە.
ئەو نموونەی بەو سەربازانە هێناوەتەوە كەلەخۆڕاوە ڕووبەڕووی مەرگ بوونەتەوەو جارێكی دیكە بەكەسوكاریان شاد نەبوونەتەوە.
زۆرینەی سەربازە ئەمریكیەكان پێیانوایە كەرێژەی ٩٥%ی خەڵكی عێراق مرۆڤی باشن و هەوڵنادەن ئازار بەهێزەكانی هاوپەیمانان بگەیەنن، بەڵام ٥%یان زۆر دڕندانە شەڕی هاوپەیمانان بەتایبەتیش سەربازەكانی ئەمریكا دەكەن و وەكو دوژمنێكی داگیركەر چاویان لێدەكەن، ئەمەش نیگەرانی و دڵەڕاوكێی زۆری لەنێو سەربازانی ئەمریكا دروست كردووە.
سەربازێكی ئەمریكا كەهێمفیەكەی تەقێندراوەتەوەو خۆیشی بەشێوەیەكی سەیر لەمردن ڕزگاری بووە، هیواخوازە كەسەرۆك بووش تەواوی ئەو زیندانیە ئەمریكیانەی كەسزای مەرگیان بۆ بڕاوەتەوە ڕەوانەی عێراق بكات، ئەو گوتویەتی: با ئەوان بێن و لەبەرانبەر تیرۆریستان بجەنگن، ئەگەر نەكوژران با سزای مەرگیان لەسەر هەڵبگیرێ، ئەگەر كوژران لەكۆڵ دەبنەوەو كەسوكاریشیان سوود لەپاداشتەكەیان وەردەگرن كەدوای كوژرانیان پێیان دەدرێ!! ، چونكە ئێمە وەكو سەرباز بەرگەی زۆر سەختی و ناخۆشی بەدەر لەتوانای خۆمان گرتووە، نازانم كەسێك ئاگای لەئازارو ژانەكانی ئێمە هەیە یان؟!
سەربازێكی دیكە بەبریان بیرسۆنی ڕاگەیاندووە: من دەخوازم كەسەرۆك بووش بۆ خۆی بێتە ئێرەو لەبەرانبەر تیرۆریستان بجەنگێ، من ئامادەم دەستبەرداری مووچەكەم ببم، بەو مەرجەی ڕێگەم بدەن بۆ وڵاتەكەی خۆم بگەڕێمەوەو بەكەسوكارەكانم شاد ببمەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەفتەر داونینگ ستریت